کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13-4-2007 0:17

# بەڵێ بۆ کڕنۆشی پێزانین... نا بۆ کڕنۆشی زۆرداری ... پارێزەر: ئارام خۆشناو

ئێمەی کورد هەمیشە و وەك لە چارەنووسمان نوسرا بێ بە لای داگیرکەرانی کورد، لە تورك و عەرەب و فارس هەر دەبێ ملکەچ و نۆکەربین و ئەوانیش ئاغا و پیاو ماقوڵ، دوای ئەو هەموو گۆرانکاریانەی کە لەسەر ئاستی سیاسەتی جیهانی و سیستەمەکەی ڕویداوە، بەلاّم ئەوان تاکو ئێستاش لەگەڵدا بێت گەردێك گۆران لە عەقڵ و هزریان بەرامبەر بە کورد و کێشەکەیان ڕووبنەداوە. ئەوان پێیان وایە کورد مرۆڤ و مافی ژیانی نیە وەك گەلێك و بەڵکو خوا بە هەڵە دروستی کردووە، یاخود لەگەڵ باران بە ڕێکەوت لە ئاسمان دابەزیوەتە سەر خاکەکانیان، بەڵکو خۆیان لە ڕاستیەکان دەدزنەوە و هەموو ڕێگا و ئامرازێك لە پێناو زەلیلکردن و نەگەیشتن بە ئازادی و ئاسودەیی دەگرنە بەر، لە هەموو دوژمنەکان سەرکێشترو دڵڕەقتر تورکە، لەوەتەی لە دونیا هەیە و مرۆڤی لەسەر دەژیت، ئەوا کورد و کەرکوکیش دووانەیەکی لێکدانەبڕاو بووە، کەچی تورکمانی مەنگۆلی و قەرغی هاتووە و ئێستا خۆی لە ئێمە کردووە بە خاوەنی کەرکووك و کوردی داماویش بە بێگانە و دا گیر کەری کەرکووك، ئێ ئەگەر ئێوە ئەوەندە پیاو بوون بۆچی لەسەردەمی بەعس 90% تان بەعسی و بەچاوی بەعسیش دەتانڕوانیە کورد، خۆ ئەگەر یەکێکتان بەعسی نەبوایە، ئەوا بەلانی کەم بە چاوی ئەتاتورکێك دەتان ڕوانیە کورد.

لام زۆر سەیرە کە گوێ بیستی بە کورد کردنی کەرکووك دەبین لەلایەن تورکمان و عەرەبە هاوردەکان، ئاخر کورد کەی ئەوەندە زاڵم و شۆڤێنی بووە تا بتوانێ بستێك لە خاکی ئێوە بەو دەردە ببات، جا ئەگەر کوردیش وەك ئێوە بیری بکردایەوە و هەنگاوی بنایایە بۆچی حالی بەم ڕۆژە دەگەیشت، بێئاگا لە کوردی خۆم!! ئەوان دەیانەوێ لە پەنای ئەو هەموو شین و شەپۆرەیان خۆلبکەنە چاوی ڕاستییەکان و تاوانە مێژوویەکانیان بشارنەوە چونکە بە ڕاستی ئەوان ئەمڕۆ لە بەرامبەر مێژوودا ملکەچ و زەلیلن، بە هیچ شێوەیەك بە خەیاڵی خۆیان و جینە هەڵگرتووەکانی ناو کرۆمۆسۆمەکانیشیاندا نەدەهات، کە بەرۆژێکی ئەوها دەگەن ئاخر ئێستا ڕوو زەردن، شەرمەزارن، نەك تەنها لە بەرامبەر کورد بەڵکو لە بەرامبەر مرۆڤایەتیش، کەی ئەوان ڕۆژێك نزایەکی باشیشیان بۆ کردووین، ئەوەندەی تورکمان لەکاتی دەسترۆیشتندا بەرامبەر کورد دڵرەق بووە، عەرەب بەو شێوەیە نەبووە سەرەرای بوونی دەسەڵاتیش، چ جای دەسەڵات لە دەست تورکمان بوایە. نازانم ئەردۆغان و گوڵ و جەنەراڵەکانیان سەری زمان و بنی زمانیان کەرکووك و کوردستانی دوومەڵی سەر ڕۆح و دڵیانە، بۆ پرسیار لە خۆتان ناکەن بیست و پێنج ملیۆن کوردتان لە خاکی خۆی لە ماڵی خۆی دەست بەسەر و بێ مافی تەنها دوان بە زمانی زگماکی خۆی کردووە، بە هەموو تورکمانەکانی کوردستان و ئێراق بە ژمارە تەنها بە قەد کوردەکانی شاری دیاربەکر نابن، سەرەرای ئەوەش برا تورکمانەکانمان خاوەنی سەرجەم مافەکانی خۆیانن، بە تایبەتی لە کوردستان کەسیش پێی نەووتون چاوتان بە کلە، بەشێك لە تورکمانەکان بە ڕاستی بێ هەڵوێستن، بۆچی بەرامبەر بە ئەنکەرە و سیاسەتەکانی هەڵوێستی خۆیان دەرنابڕن و بەشێکیشیان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی ڕاستیەکان چەواشە دەکەن و کەرکووك بە شارێکی تورکمانی دەزانن.

ئەگەر چی کەرکووك 100% شارێکی کوردی و کوردستانییە بەلاّم ئەوا ئێمە دەڵێین شارێکی ئێراقیە بە ناسنامەی کوردستانی ئایا کەرکووك تەنها ناو شارەکەیە بەو چەند گەرەکەی، ئەی قەزاو ناحیە و گوندەکانی، جا ئەگەر کەرکووك ئەوە بێت کە ئێستا هەندێك لە تۆرانیەکان باسی دەکەن و تورکمانی بووایە دڵنیا بن بەعس نە قەزاو ناحیەکانی لێدادەبڕی و نە گوندەکانیشی ئەنفال و جینۆساید دەکرد پێشتان دەڵێین تورکەکانی ئەنکەرەو ئیستەنبوڵ و کلکەکانتان لە کەرکووك و ناوچەکانی تری ئێراق، ئەوەی سەرۆك بارزانی لە لێدوانەکەی فەرمووی زۆر کەمە و دڵنیاتان دەکەین کە هەرگیز کڕنۆشی زەلیلیتان بۆ نابەین، هەمووشمان لە پێناو کوردستان و کەرکووکەکەی دەمرین، هەروەك چۆن لە ڕابردوو ئەنفال و کیمیاباران کراین بەلاّم هەر ماوین و نەمردین و سەربەرز و سەرفرازیش بووین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.